## ڕۆشنبیریی کوردی .

# دوو زەمەنی جیاو یەك ئاراستە



نوری بێخاڵی

بەشێوەیەکی گشتی پێکهێنەرە سەرەکیەکانی ڕۆشنبیریی هەر کەسێك خۆی لەچوار خاڵدا دەبینێتەوە کە بریتین لەجۆری ئەو پەروەردەو فێرکردنەی تاك لەژیانی خۆیدا پێی گۆش دەکرێت، لەگەڵ جۆری ئەو ڕۆشنبیرییەی کە لەژینگەکەیدا باوە، هاوشان لەگەڵ بەهرەو سەلیقەو تواناکانی خودی ئەو کەسە، ئەمە وێڕای ئەو شارەزاییو پاشخانە ڕۆشنبیرییو ئەزموونە کۆمەڵایەتیانەی بەدرێژایی ژیانی دەستی خستوون.. بەم پێودانگە دەکارین بڵێین سەرجەمی ڕۆشنبیران لەهەر کوێیەك بن لەچوارچێوەی ئەم هێڵە سەرەکیانە دەرناچن، هەرچەندە ڕۆشنبیریی کوردی تەواو بەرهەمی توانا خودیو ئەزموونە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی نییەو، زێدەتر زادەی یا بڵێین لەژێر کاریگەری کەتوارو ڕەوشی سیاسی کوردستان لەدایك بووەو گەشەی کردووە کە دواتر بەئیفلیجی هاتۆتە بەرهەم، بەڵام مانای ئەوە نییە کە ئەو پێکهاتە ڕۆشنبیرییە قسەی لەسەر نەکرێت و، پرۆژەکە نەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.. واتە ناکرێ کەتوارە سیاسیەکە بکرێتە پاساوێك بۆ خۆ بواردن لەکەمو کوڕیو ئیفلیجیەکانی ڕۆشنبیریی کوردی.

دواتر کە لەم وتارەدا قسە دێتە سەر زەمەن و نەوەی جیای ئەو ڕۆشنبیرییە مەبەست لەخودی کاراکتەرو جیاوازیەکانی تەمەن نییە، هێندەی قسە لەسەر دووبارە بوونەوەی خودی گوتارەکەیە.

کە دەڵێین ڕۆشنبیریی کوردی دەرهاوێشتەی پێکهێنەرەکانی پێشەوەو هەڵقوڵاوی نێو ژینگەی کوردەواری نییە، مەبەستمان لەوەیە کە ئەو ڕۆشنبیرییە زیاتر

بەرهەمی سیستەمێکی فێرکاری روخێنەرە کە لەسەر بینای مەعریفی چەندین سەدەی داگیرکاری وەستاوە، تەنانەت ئەم کەتوارەش توانیویەتی چەندین دەنگ و رەنگی سەقەت دروست بکات کە دواتر لەکۆی کارەکانیان هێندەی تر جەستەی ئەو رۆشنبیرییە هەپڕون بکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەهەمان ساتەوەختدا لەنێو شۆڕشدا بەناوی بەرگری کردن لەشوناس گروپێکی تر دروست بوو، هێندەی سەرقاڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی دەستی داگیرکاری بێت، هات لەنێوخۆیداو بەناوی جیاوازی ئایدیۆلۆژی برینێکی تری خستە جەستەی ئەو رۆشنبیرییە.. ئەمەش وایکرد دوای راپەڕین زەمینەیەکی تەندروست بۆ کاری رۆشنبیریی نەیەتە بەرهەم، ئەویش بەحوکمی بەرفرەتر بوونی مینبەرەکانی ئایدلۆژیاو مەزهەب کە پاشان لەدوای هەڵبژاردن بەشێوەیەکی زەقتر پەردەی لەرووی خۆی هەڵماڵی.. واتە بەجۆرێك بوو نەتوانرا هوشیاریەك دروست بکات کە دواجار ببێتە سەرەتایەك بۆ بونیادنانی ئاستێکی رۆشنبیریی هاوجووت لەگەڵ خواستەکانی پڕۆژەی رۆشنبیریی جیدی. کە لەدوا هەنگاودا چڕ کردنەوەی سەرجەمی چالاکیو کارە رۆشنبیرییەکان لەچوارچێوەی حزبدا بووە هۆی دەرکەوتنی سانسۆرو چاودێری کردن بەسەر ئازادییەکانی تاك و، تەسك کردنەوەی بواری رەخنەگرتن و رای جیاوازو، بەدوای ئەمەشدا شەڕی ناوخۆ هێندەی تر هاوکێشەکانی ئاڵۆز کرد.. ئێستاش هەست دەکرێ کە خەریکە لای نەوەی نوێی لەئاستی بیرکردنەوە راپەڕین جۆرێك لەرۆشنبیریی چەکەرە دەکات، کە دەیەوێ تەکانێك بەم رەوشە چەقبەستووە بدات و، بەدوای دۆزینەوەی کلاوڕۆژنەیەك دەگەڕێ بۆ گۆڕان لەبونیادی کۆمەڵگەو کۆی سیستەمە سیاسیو کۆمەلایەتیەکەی لەسەر ئاستی بیرکردنەوەو پەیوەندییەکان و، سەرقاڵی ئەوەیە دەروازەیەك بەڕووی متیۆدی رەخنەی عەقلانیو دیالۆگ و جیاوازیو یەکتر قبوڵکردن دا بکاتەوە، بەلام هێشتا لەبەر ئامادەگی چەند ئەندامێکی نامۆو بەردەوامی گوتاری دۆگما لەنێو جەستەو پێکهاتی رۆشنبیریی کوردیدا نەیتوانیوە جێ پێی خۆی بگرێ، چونکە بەردەوامی ئەو ئەندام و گوتارەکە دەیەوێ بەناوی (ریادە) گۆرەپانەکە قۆرخ بکات و، رێگە لە هەر هەناسەو دەنگێکی نوێو بیرکردنەوەیەکی نوێ گرتووەو، بەداخەوەش کایەی سیاسی زیاتر لەخەمی پتەوکردنی بەندیواری ئەو بەرەیە دایە.

رەنگە هەبێت بپرسێ کایەی سیاسی چ کارێکی بەسەر ئەم بوارەدا هەیە؟ بەلام لەڕاستیدا پڕۆسەی گۆڕان ئەگەرچی لەسەر دەستی رۆشنبیر دێتەدی، لەگەڵ ئەوەشدا بەو مانایە نییە سیستەمی سیاسی رۆڵ لەکارا کردن یا لەپەلوپۆخستنی ئەو پرۆسەیە نەگێڕێ، بەپێچەوانەوە، خودی کایەی سیاسیش جەمسەرێکی تری پرۆسەی گۆڕانەو، بەهەردوو دیوی پۆزەتیف و نێگەتیڤ دەتوانێ کاریگەری خۆی هەبێت. بۆیە بەداخەوە دەبینین لێرە خودی دەسەلات و کایەی سیاسیش بەپێچەوانەی راستیەکانی مێژوو کۆمەڵناسی هەنگاو دەنێ. لەکاتێکدا کە مرۆڤ وەکو تاکێك مافی جیاوازیو ئازادیو یاخی بوون و ئۆپۆزسیۆنی هەیە، کەچی دوای دە ساڵ ئازادی خەریکە دەروازەکان لەبەردەم تاکدا تەسك دەکرێتەوە، هەر لەگەڵ سەرکەوتنی راپەڕین حزب کۆنترۆڵی سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵی کرد، حزب شوناسی



کوردایەتیو نیشتمانپەروەری قۆرخ کردو، دواجار مافی ئەوەی بەخۆیدا لەرێگەی هەندێ دەنگی نەزۆك گوتارو چالاکی رۆشنبیریی بەویستی خۆی ئاراستە بکات، بۆ ئەوەی دواجار نێوەندی رۆشنبیریی ناچار بەرازیکردن و ملکەچیو شایەتمانی دان بۆ گەورەیی موعجیزەکانی حزب و سیمبولە وەهمیەکانی تاکە کەس بکات و، کلتوری جیاوازی بواری نەمێنێ، ئەم کەشەش رۆڵی بینیووە لەدروست بوونی رۆشنبیرێکی تەسلیمکارو، دواجار حزب کراوەتە پەرستراوێك و پێویست بووە قوربانی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو تەنانەت رۆشنبیریشی بۆ بدرێت، تاکار گەیشتە چەند کەرتبوون و شەڕەگەرەکی رۆشنبیریی، واتە بەشێوەیەکی گشتی کار گەیشتۆتە ئەوەی حزب رێگەو شێوازی خۆی بەباشترین ئەلتەرناتیڤی گۆڕان بزانێو هەر هەوڵێکی رۆشنبیران بۆ جیاوازیو ئۆپۆزسیۆن و رەخنەگرتن رەت بکاتەوە، بەجۆرێکی تر پرۆژەی رۆشنبیریی جدیو رۆشنبیران (قورمیشکراوەکان نا!) ئێستا لەبەردەم سزای لەسێدارەدانی مەعنەوی کایەی سیاسیدا خۆیان دەبیننەوە.

بێگومان بەم قسانەش مەبەستمان نییە بە تەنها کایەی سیاسی بەکۆسپی بەردەم پرۆسەی گۆڕان و ناکارایی رۆشنبیران و غیابی پرۆژەی رۆشنبیریی بزانین، بەڵکو خودی کاراکتەرەکانی ئەم نێوەندەش تاوانیان کەوتۆتە ئەستۆ.. راستە نێوەندی رۆشنبیریی بەبێ جیاوازیو بوونی گفتوگۆ بەنێوەندێکی مردوو دەژمێردرێ، چونکە سروشتی کاری رۆشنبیریی راو بۆچوونی جیاواز دەخوازێو، شتێکی ئاساییشە کە رۆشنبیران لەپێگەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فیکری جیاوازدا ببینرێن و، لەدیدو روانین و

جیهانبینییاندا جیاوازن –لەبەر ئەوەی خودی پرۆسەی رۆشنبیریی‌و ئاستی نماو گەشەکردنی زادەی بوونی جیاوازییەکانە، ئەو راستیەش لەیەکەم روانین بۆ نەخشەی رۆشنبیریی دنیا بەرچاو دەکەویٚ، کە تیایاندا هەیە خۆی بەرابردوو دەبەستیٚتەوەو رەسەنایەتی دەکاتە بنەمایەك و دەرگایەك بۆ چوونە نیٚو گۆڕان و نویٚبوونەوە، تیاشیاندا هەیە رابردوو بەنەمریی‌و موقەدەس دەزانیٚ‌و لادان لیٚی بەکوفر، هەیانە ویٚرای پاشخانی رابردوو دەکەویٚتە ژیٚر کاریگەری شارستانیەت و کلتوری دەرەکی‌و بەریٚگایەکی دەزانیٚ بۆ داهیٚنان و نویٚخوازی.. دەستەیەکی تریش بەگومانەوە سەیری رابردووی کلتوری‌و رۆشنبیری دەکات و تەنانەت چەندین پرسیاری ترسناکیش لەبەرامبەر دویٚنیٚ‌و شوناس دا دەروژیٚنیٚ.. هتد.. هەموو ئەم ئاراستانەش پەیوەستن بەسروشتی ئینیتماو جیهانبینی تاکە کەس، بەڵام جیٚی داخە ئەم کەتوارەش لەپانتایی‌و نیٚوەندی رۆشنبیریی کوردیدا تەواو ئاواژوەو، دوای دە ساڵ ئازادیش کەچی تاکە بەهاو چەمکیٚك کە رەواجی هەبیٚت رەت کردنەوەو سڕینەوەی یەکترییە لەسەر نەخشەی رۆشنبیریی‌و، کلاورۆژنەیەك بۆ جیاوازی‌و یەکتر قبوڵکردن نادۆزیەوە. هەموو ئەوانەش لەژیٚر پەردەی شەڕی نەوەکان پیادە دەکریٚن، ئەمە بیٚ ئەوەی یەکیٚکیان شوناس و تایبەتمەندیەکانی نەوەی خۆی بناسیٚ. لەکاتیٚکدا ئەمرۆ رۆشنبیریی کوردی‌و کاراکتەرەکانی لەهەر ساتیٚك زیاتر پیٚویستیان بەتەبایی‌و خویٚندنەوەی بابەتیانەی یەکتری هەیە.

لەلایەکی تر ئامرازەکانی گۆڕان بەشیٚکن لەفاکتەرەکانی ئەو پرۆسەیەو، پیٚویستە لەدەستی رۆشنبیران دابن، بەڵام بەپیٚچەوانەی دنیا لەکوردستان وەکو بەشیٚك لەرۆژهەڵاتی نقومی دواکەوتوویی‌و سیستەمی کاریزمایی، ئامرازەکانی گۆڕان لەدەستی حزب دان، لەم نیٚوەدا رۆژنامەگەریەکی ئازاد نابینیت، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەش بەشیٚکن لەدەسەڵاتی حیزب و، زۆر جار ناتوانن موغامەرە بەچاپ کردن و بڵاوکردنەوەی پرۆژەیەکی رۆشنبیریی جدی بکەن و، لەبەردەمیان چەندین هیٚڵی بڤە تەنراون کە بەزاندنیان کوفریٚکە بەرامبەر پیرۆزییەکانی حزب – ئەم کەتوارەش– واتە بەقۆرخکردنی دەسەڵات و ئامرازەکانی راگەیاندن و کاری سیاسی، بزاڤی رۆشنبیریی ئازاد خراوەتە پەراویٚزو زەمینەی کارکردنی تەسك کراوەتەوە، ئەمەش ئەو کویٚرەوەریەیە کە رۆشنبیریی کوردی بەدەستیەوە دەناڵیٚنیٚ، بەتایبەتی کە لەسەردەمیٚکداین خەریکە دنیا بەرەو کرانەوەی زیاترو زمانی دەسەڵاتەکانیش بەرەو لۆژیك و دیالۆگ و لیٚکحالیٚبوون دەچن. ئەم رەوشەش بەرۆڵی خۆی چەند دەنگیٚکی سەرکیٚش و هەناسەسواری دروست کردووە کە خەون بەتیرۆر کردنی دەسەڵات و لەکەدارکردنی‌یەوە دەبینن.. تیٚکەڵاو کردنی ئەمانەو، ئەوانەی کە دەیانەویٚ فەزایەکی کراوە لەبەردەم ژیانی رۆشنبیریی‌و ئازادی بیٚتەدی‌و پردیٚك لەنیٚوان کایەی سیاسی‌و نیٚوەندی رۆشنبیریی بیٚتە ئاواکردن بەمەبەستی سازکردنی گفتوگۆو یەکتر خویٚندنەوە، لەلایەن حزب و دەسەڵاتی کوردیدا بۆ خۆی گرفتیٚکی ترە.

لەکاتیٚکدا کۆمەڵگەکەمان لەپەراویٚزی پیٚشکەوتن دایە لەبوارەکانی ژیانی

کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری، کە ئەستەمە چیتر بەرگەی ئەم دواکەوتنە بگیرێ، ئەوا لەسەر ئاستی سەرخاندا (رۆشنبیریی) دەستە پاچەیی‌و نوچ دان دواتر دەمانکاتە جەستەیەکی بێ گیان.. بۆیە بیرکردنەوە لەئایندەی رۆشنبیریی‌و کارکردن لەسەر پرۆژەیەکی جددی کارێکە دواخستنی کارەساتێکی ترسناکی بەدواوەیە. بۆ چ؟!

چونکە سەدەیەکی پڕ لەداهێنان و فەشەل هێنان، تژی تراژیدیاو گاڵتەجاری، پڕ لەرووداوو پەند جێ دەهێڵین، پێ دەنێتە سەدەیەکی یەکلاکەرەوە لەمێژووی مرۆڤایەتی کە پێشتر بەخۆیەوە نەبینیووە، سەدەی رابردوو دوا رووبەڕوو دژایەتیەکانی خۆی دایە دەست سەدەی نوێ کە بەجیهانی بوونەو، لەو یەکلا کردنەوەیەدا لەوانەیە گەلان بمرن، (نەك بەمانای مردنی ماددی) بەڵکو بە لەدەست دانی سیماو روخسارە ناسراوەکانی، بە لەدەست دانی رۆشنبیریی‌و کلتور، بە لەدەست دانی شوناسی فەرهەنگی، رووبەڕوو بوونەوەی بەجیهانی بوونیش درێژ کراوەی رووبەڕوو بوونەوەیەکی ترە کە چەندین ساڵە لەئارادایە، ئەویش بریتی‌یە لەجیاوازیە ترسناکەکانی بواری پێشکەوتنی زانستی‌و تەکنەلۆژی‌و ئابووری، کە دواجار دابەش بوونی جیهانی بۆ چەند پلەیەك فەرز کرد، جیهانی پلەیەك و دوو و سێ.. کەواتە پێویست دەکات وەکو کێڵگەی تاقیکردنەوەکان و کۆمەڵێکی بەکاربەر لەژیاندا بەردەوام نەبین.. پاشان ئەگەر دواکەوتووین و نەمانتوانی بچینە نێو پلەیەك و دوو، هەوڵ دەدەین بێینە نێو لیستی پلە سێ‌و نەمانتوانیوە، ئەوا هەر هیچ نەبێت با لەسەدەی نوێدا لەشوێنێکی تر بگەڕێین کە نەختێك شیاو بێت، شیاو بەتایبەتمەندیەکانی عەقڵی سەردەم، شیاو بەخەونە سەرەتاییی‌و سادەکانمان. دواجار قسەکردن لەرۆشنبیریی، وەك قسەکردنە لەفەلسەفە، واتە قسەکردنە لەگشت و ماهیەت و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی لایەنە شاراوەکانی بوون و خۆشەویستی مەعریفەو ژیانێکی مرۆییانەی باشتر.. بۆیە قسەکردن لەرۆشنبیریی واتە پێویستی باسکردن و سەرقاڵ بوون بەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، پێشکەوتنی رۆشنبیریش پەیوەستە بەپێشکەوتنی ئەو بوارانە (کۆمەڵایەتی- سیاسی- ئابووری).

کە باسیش لەئایندەی رۆشنبیریی دەکەین، مەبەست ئایندەی نەتەوەو نیشتمانەو دەبێ سوربین لەسەر بونیادنانی ئەو دوارۆژە. بەڵام سوربوون بەتەنها بەس نییە بۆ چوونە نێو جیهانێکی شاراوە کە تائێستا نەمانتوانیبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە پێویستن و تەوەری سەرەکی گۆڕان و دەربازکردنی ئەو ئیفلیجیەن. بەردەوام بوونی ئەم شێوە پەیوەندییە سواوەی نێوان کایەی سیاسی‌و رۆشنبیریی کوردی، پێکووتە کردن (مراوحە) لەنێو پرۆسەی ژیان و، خۆ جووینەوەو خۆ گرێدان بەعەقڵی ئەشکەوت و بیرکردنەوەی دۆ گماو، دەروازە داخستن لەبەردەم پرۆسەی رەخنەو سەرهەڵدانی جیاوازی، هێندەی تر دەمانخاتە دەرەوەی هاوکێشەکان.. بەمەش باسکردن لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری تەنها بریتی دەبێ لەخەون و راکردن بەدوای سەراب دا.